# لەڤیستیڤالیَ ژناندا لە سلێمانی تەنها فیلمێك بەزەقی غەدری لێكرا (خاتوو بەدبەخت) بووا؟



زۆر جار دەبینین و دەبیستین کە لەڤیستڤاڵەکاندا غەدر دەبێت ئەمەش شتێكی ئاسایيەو زۆرجار زۆر برادەرو هونەرمەند دەڵێن.. ئەم ڤیستیڤاڵە تايبەت بوو بەفلآنە بابەتی سیاسی یان هی فلآنە حیزب و رێكخراو و ئاسايیە هەندێ فیلمی دۆست یان هی خۆیان پێش بخەن..

ڤیستیڤاڵ هەبووە لەم کوردستانە.. شەوی کۆتايی سەرۆکی لیژنەی ڤیستیڤاڵ هەستاوە بەگۆڕینی خەلآتەکان.. چونکە ژنەکەیی لە لیستەکە دانەنراوە و بەزۆری زۆرداری ژنەکەی خۆی خستۆتە ناو لیستی خەلآتەکان..

لەهەولێرو لەیەکەم ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی غەدرێكی گەورە لە فیلمی (ئاوێنەی) من کرا لەویَ وتم گرنگ نییە چونکە فیلم هەبوو خرابووە پێش منەوە هیچ پرەنسیپێكی فیلمسازی هونەری تیانەبوو.. ئەوکات وتم بەخوا ئەو فیلمە لەهیچ ڤیستیڤاڵێكی ترە وەرناگیرێت کە لەهەولێر خەلآتی یەکێك لەفیلمە باشەکانی ڤیستیڤاڵی وەرگرت کە خەلآتی زێڕین بوو، هەروا دەرچوو ئەو فیلمە هات بۆ ڤیستیڤاڵی ژنان لەسلێمانی ئەسڵەن وەرنەگیرا بۆ نمایشیش من دلّ خۆش بووم بەوەی شارەزایانی فیلم سازی لەویَ پێیان گوتم فیلمی تۆ لەئاستێكی هونەری بەرزو بە ساختاری سینەما کاری تێداکرابوو..

دنیا هەر ئەم ڤیستیڤاڵە نییە بەلآم کاتێك لە سلێمانی و لەڤیستیڤاڵی ژنان تووشی هەمان غەدر بوومەوە بەئیعترافی دوو کەس لەلیژنەی دادوەران و هەروەها پێشنیاری لیژنەی دادوەران بۆ یەکێتی ژنان کە دوو فیلم نیشانی بەرپرسانی کوردستان بدەن و یەکێکیان (خاتوو بەدبەدختەکەی) من بوو، سەرم سوڕما لەخەلآتەکان خوێندرایەوە و فیلمەکەی من ناوی نەبوو.. من ئەم غەدرە برینی هەولێریی کولاندمەوە بۆیە چەند شتێكی کورت دەڵێم.. دەبیَ ئەوە بڵێم من ئەسڵەن کارم بۆ ڤیستیڤاڵ نەکردووە بەڵکو ئەوەی لای من گرنگە من چەندە توانیومە ئەو بابەتە بگەیەنمە بینەرو بەشێوازێکی هونەریی و ئەکادیمی..

من خۆشحاڵ بووم بەوەی لەناو هۆڵەکە لەکاتی نمایشی فیلمەکەم ئامادەبووان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ فیلمەکە دروست کرد هۆڵەکە بێدەنگ دەبوو.. هۆڵەکە پێدەکەنی.. هەروەها ئاخ و خەفەت هەناسە هەڵکێشانی خەڵکم دەبیست ولەگەڵی پێدەکەنین و پاشان چەپڵە رێزانیان کرد.. و لەهەمووی خۆشتر ئەو منالّەی نێرگزی دەفرۆشت لەبەردەم هۆڵەکە لای جوانترین فیلم بوو بۆ من بینەر سەرمایەیەکی زۆر گەورەیە.. خاتونێكی وەك (مریەمی بۆبانی) دوای دەستخۆشی.. وتی تەنیا فیلمێك منی گریان و منی هەژاند ئەو فیلمە بوو هەروەها برادەرێك وتی کاك مەهدی ئومێد بەدیار فیلمەکەوە گریاوە ئەمانە بۆ من خەلآتن.

بەلآم خەمی من ئەوەیە کە خەلآت ورێزلێنان.. هەندیَ جار پێوەرە بۆ کارەکە وخاوەنەکەی.. ریزبەندی یەکەم و دوهەم و باشترین.. حاڵەتێكی دەرونییە کە پێش هەموو کەس دڵەڕاوکیَ و ترس و خەم بۆ دەرهێنەر دروست دەکات.. لەوەرگرتنی شادی و لەوەرنەگرتنی خەلآتیش هەندیَ جار خەم و پەستی و ڕوخانی دەرونی دروست دەکات ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە زۆرجار ئەو لیژنانەی بڕیار ئەدەن و دواتر دەستکاری دەکەن بەهەر هۆیەکی سیاسی کۆمەلآیەتی و دەعوەت و هەندیَ جار فرۆشتنەوەش، دەبێت باش بزانن لەپێشدا دەرونی خۆیان وێران دەکەن و دواتریش جەماوەر خۆیان و کارەکانیان فەرامۆش دەکەن و لەفەرامۆشیشدا هەر خۆیان دەزانن چییان بەسەرهاتووە.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئێمەپێویستە بەگشت لایەکمان کار بۆ خزمەتی مرۆڤ و پێشکەوتن بەڕاستگۆیی بکەین.. من ئەو راستییەش دەزانم زۆرجار مێژووش بەدرۆ نوسراوەتەوە بەلآم هونەر تەنها شتێکە بەڕاستگۆیی و قووەتی خۆی دەتوانێت خانەکانی جەستەو مێشکمان ببڕێت..

**خالید حمەلاو–سلێمانی**
Xalid77lawa@yahoo.com